# کۆمەڵەی "یەکبوون و ئازادی" (کۆمەڵەی کوردی)

## لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسەدا

لە فەرەنسەییەوە وەرگێڕانی:
د. نەجاتی عەبدوڵڵا

### بەشی یەکەم

#### پێشەکی

داپڵۆسین و قەتڵوعامی دوای شۆڕشی ساڵی ١٩٢٥ی شێخ سەعیدی پیران و ڕاوەدوونانی ڕووناکبیرانی کورد دوای بەجێهێشتنی ئەستەمووڵ، کێشایەوە بۆ ئەوەی کە بەشی زۆریان وەك ئاوارە لە شانشینی عیراقی ژێر منداتی بریتانیا و سووریا و لوبنانی ژێر منداتی فەرەنسەدا بگیرسێنەوە. ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٢٧ ڕێبەر و ئەندامانی چوار کۆمەڵەی سیاسیی کوردی: جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، فیرقەی میللەتی کورد، کۆمیتەی سەربەخۆیی کورد و جەمعییەتی تەشکیلاتی ئیجتیماعییەی کورد، دوای چەندین کۆبوونەوە، ڕۆژی ٥ی تشرینی یەکەمی هەمان ساڵ لە لوبنان یەکەمین کۆنگرەیان بەست، بەم شێوەیە (جڤاتا وەڵاتییێ کوردا، جڤاتا کوردان یا کۆمەڵەی خۆیبوون) لەدایکبوو.

خۆیبوون دوو دامەزرێنی سەرەکیی هەبوون، ئەوانیش جەلادەت بەدرخان و مەمدووح سەلیم بوون. سکرتاریەتی خۆیبوون بە مەمدووح سەلیم سپێردرا و کاروبارەکانیش بە هاوبەشی لەلایەن کۆمیتەی ناوەندییەوە بەڕێوە دەبردرا. بەم شێوەیە کۆمەڵەی خۆیبوون سەرۆکی نەبوو و تەنها کۆمیتەی ناوەندی هەبوو و ئەندامانی هەڵبژێردراوی کۆمیتە بریتی بوون لە: مەمدووح سەلیم، جەلادەت بەدرخان، مستەفا شاهین، بۆزان شاهین، حاجۆ ئاغا و خەلیل ئیبراهیم پاشا[1]. بەگوێرەی چەندین لیست کە لەلایەن دەزگاکانی زانیارییەوە ئامادە کراون، دەتوانین ئەوە دووپات بکەینەوە کە کەسایەتییە سەرەکییەکانی خۆیبوون لەکاتی دروستبوونیدا ئەمانە بوون: جەلادەت بەدرخان (١٨٩٣-١٩٥١)، کامەران بەدرخان (١٨٩٥-١٩٧٨)، سورەییا بەدرخان (١٨٨٣-١٩٣٨)، مەمدووح سەلیم (١٨٩٧-١٩٧٦)، دکتۆر محەمەد شوکری سەگبان (١٨٨١-١٩٦٠)، ئیحسان نووری (١٨٩٣-١٩٧٦)، عەلی حیلمی (١٨٨٠-١٩٦٤)، فەهمی لیجەیی (١٨٨٧-١٩٦٧)، حاجۆ ئاغا (١٨٨٨-١٩٤٠)، ئەمین ڕامان (ئەمین پەریخان) (؟-١٩٢٨)، بۆزان بەرازی (١٨٩٥-١٩٦٨) ، مستەفا شاهین بەرازی (؟-١٩٥٣)، شێخ عەبدوڕڕەحمان گارسی (١٨٩٦-١٩٣٢)، مەولانزادە ڕەفعەت (؟-١٩٣٠)، خەلیل ئیبراهیم پاشا، محەمەد حەمزە ئیف؟. شایانی گوتنە جەمسەری سەرەکیی خۆیبوون مەمدووح سەلیم و جەلادەت بەدرخان بوون. دواتر گەیشتنی ئاوارەی نوێی کورد لە ساڵی ١٩٢٩دا خوێنێکی تازەی بە ڕێکخراوەکە بەخشی، لەمانەی دوایی ئەکرەم جەمیل پاشا[2] (١٨٩١-١٩٧٤)، قەدری جەمیل پاشا[3] (١٨٩٢-١٩٧٣)، عوسمان صەبری (١٩٠٥-١٩٩٣)، د. ئەحمەد نافیز زازا (١٩٠٢-١٩٦٨)، عارف عەباس (١٩٠٠-١٩٨٤) و شەوکەت زولفی (١٨٩٩-؟)[4] هاتنە ناو ڕێکخراوەکە. دواتر ئەمانەی دوایی لە دووکەرتبوون (ئینشیقاق)ی ساڵی ١٩٣٣دا وەختێك برایانی بەدرخانی لە خۆیبوون هاتنە

[1] AME, Direction Afrique-levant, Generalites, (53), 1944-1952

[2] ئەکرەم جەمیل باشا لە ساڵی ١٩٣٩ تا ساڵی ١٩٤٤ سکرتێری گشتیی خۆیبوون بووە.

[3] قەدری جەمیل باشا لە ساڵی ١٩٣٤ تا ساڵی ١٩٣٩ سکرتێری گشتیی خۆیبوون بووە.

[4] *La Ligue national kurde Khoyboun*, Documents recueillis, annotés et présentés par Jordi Tejel Gorgas, Etudes Kurdes, N° hors série III-juin 2007, Paris, pp. 8-9.

بنکەی ژین
www.zheen.org

دەرەوە، تا کۆتایی خۆیبوون (١٩٤٥) کۆمیتەی بەڕێوەبردنی خۆیبوون بوون.




پێڕەوی بنچینەیی و ناوخۆی
(جڤاتا ئاریکارییێ ژبۆنا بەلەنگازێن کوردان ل جزیرێ)

خۆیبوون لە مێژووی خۆیدا دوو قۆناغی گرینگ و چارەنووسسازی بەخۆیەوە بینیوە:

یەکەم: لە درووستبوونیەوە تا ساڵی ١٩٣٢، ئەم قۆناغە یەکێك لە زیندووترین و پڕچالاکیترین قۆناغی ئەم کۆمەڵەیە و قۆناغی یەکگرتووییەتی بە هەموو باڵەکانیەوە. دوای تێشکانی شۆڕشی چەکداری ئارارات و هاوکات تێشکانی بزووتنەوەی کوردایەتی لە هەموو پارچەکانی کوردستان، لە ساڵی ١٩٣٣٢-ەوە بەشێکی ڕووناکبیرانی ناو کۆمەڵەی خۆیبوون، بەتایبەتی برایانی بەدرخانی، زیاتر بۆ ئەوە دەچوون کە ئیدی پێویستە زمانی کوردی ببووژێننەوە و پەرە بە هەستی نەتەوەیی کوردی بدەن و ئەدەبیات و زمانی کوردی بپارێزن، بۆ ئەم مەبەستە یەکەمین کاریان دەرکردنی گۆڤاری "هاوار" و ڕۆژنامەی "ڕۆژانوو" (بە هەردوو زمانی کوردی و فەرەنسەیی) بوو[5]. ساڵی ١٩٣٣ برایانی بەدرخان لەبەر کێشەیان لەگەل بنەماڵەی جەمیل ئەکرەم پاشادا لە کۆمەڵە کشانەوە و ئەوان زیاتر بەرەو پرۆژەی کاری کولتووری و خێرخوازی ڕۆیشتن. یەکەم کاریشیان لەم بوارەدا کردنەوەی کۆمەڵەی (جڤاتا ئاریکاری ژبۆنا بەلەنگازێن کوردان ل جزیرێ) بوو.




دکتۆر ئەحمەد نافیز

بنکەی ژین
www.zheen.org

دووەم: لە ١٩٣٣ تا ١٩٤٥، قۆناغی دووکەرتبوون (ئینشیقاق) و جودابوونەوەی باڵی بەدرخانیەکانە و دواجار ساڵی ١٩٤٥ بە هێمنی ون دەبن. کشانەوەی برایانی بەدرخان لە کۆمەڵەی خۆیبوون (ساڵی ١٩٣٣) و دواتریش بڕینی یارمەتیی لۆجستیکی و داراییی ئەرمەنەکان لە کۆمەڵە، وایان کرد چالاکییەکانی خۆیبوون تا ساڵانی یەکەمی جەنگی جیهانی گەلێك سنووردار بن. سەرەتای جەنگ ئەڵمانەکان پرۆپاگەندەیەکی زۆریان لەناو تورکیادا دەکرد، بەوپێیەش کە تورکیا هاوپەیمانی بەرەی هاوپەیمانەکان بوو، هیچ چاوەڕوانییەکی ئەوتۆیان لە هاوپەیمانەکان نەبوو و لایان وابوو بەرژەوەندی کورد لەوەدایە پشتگیری لە

[5] Jordi Tejel Gorgas, *Le mouvement kurde de Turquie en exil: continuités et discontinuités du nationalisme kurde sous le mandat français en Syrie et au Liban, 1925-1946.* P. Lang, 2007, p.116

هێزی تەوەر (میحوەر) بکرێ. ئەڵمانەکان گفتی دەوڵەتێکی کوردییان بە کورد دابوو، بە مەرجێك پشێوی لە تورکیا بنێتەوە. هاوکات لەگەڵ سەرکەوتنەکانی ڕووسیادا ساڵی ١٩٤٢، ئینگلیز توانیی پێوەندیی نێوان کورد و ئەڵمان بپچڕێنێ و سەرکردەکانی خۆیبوونیش توانییان پێوەندی لەتەك فەرەنسە و بریتانیادا دروست بکەنەوە[٦].


سال ١
يكشب
هاوار
هژمار ١
١٥ گولان ١٩٣٢
كوملا كردي
تيده خستيين كومەلى
آرمانج ء آوايى خبات وتنبساندنا هاواري
الفباى كردى	فارسي
كردجه الفبا	ترکی
هدفنا و خطتنا	عربي
الاحرف الهجائية الكردية	عربي
١٣٥١ ه	مطبعة الترقي بدمشق	١٩٣٢ م

سەرکەوتنی شوورەوی بەسەر نازیزمدا لە هەموو جیهاندا، ڕوویێکی گەشی بە کۆمۆنیزم بەخشی و وەچەی نوێی گۆڕەپانی کوردایەتی زیاتر کرانەوەیان بەرەو کۆمۆنیزم تێدا پەیدا بوو. ئەمەش زیاتر لەبەر ئەوە بوو کە دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان هەموویان پاڵپشت و پەناگەی حکوومەتە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکە بوون، ڕەنگە تاکە (نەوا)یێك بۆ ئەم وەچەیە، کرانەوە بووبێ بەرەوڕووی بزووتنەوەی کۆمونیزم، وەك تاکە دەروو جیهانێکی (یەکسان) و (بێچەوساندنەوە) بۆ ئینسانی کورد دابین بکا. بەم شێوەیە ساڵی ١٩٤٥ وەچەی گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان کۆمەڵەیەکی نوێیان بە ناوی کۆمەڵەی کورد[*] (یەکبوون و ئازادی)یەوە دامەزراند. ئەم کۆمەڵەیە زیاتر باڵی بنەماڵەی ئەکرەم پاشا و دکتۆر ئەحمەد نافیز و مەمدووح سەلیم بوو، بە جۆرێکی دیکە بەرنامەکەی زۆر نزیکی بەرنامە و میتۆدی خۆیبوون بوو و بڕێك لە سەرکردە کۆنەکانی خۆیبوون –لەوانە قەدری جەمیل پاشا و ئەکرەم جەمیل پاشا– دواجار چوونە ناو ئەم کۆمەڵەیە نوێیە و هەموو کاری ئەم ڕێکخراوە زیاتر پێوەندیگرتن بە هێزە گەورەکان و نووسینی یادداشتنامە بوو لەپێناوی ناساندنی پرسی کورددا. ئەم کۆمەڵەیە، بە گوێرەی زانیارییەکان، هێندە


پۆل بێنێ


جۆرج بیدۆ

زۆر نەژیاوە و بە دروستبوونی دونیای دوو جەمسەرە و سەرەتای جەنگی سارد بە جۆرێك لە جۆرەکان

---

[6] *La Ligue national kurde Khoyboun*, Documents recueillis, annotés et présentés par Jordi Tejel Gorgas, Etudes Kurdes, N° hors série III-juin 2007, Paris, p.24

[*] Ligue Kurde

بنکەی ژین
www.zheen.org

کۆتایی بە ژیانی سیاسیی هاتووە. ئێمە کۆمەڵێك بەڵگەنامە و نامەی ڕەسمیی ئەم کۆمەڵەیەمان لە ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسەدا دۆزیوەتەوە، وا لێرەدا بەشی یەکەمی بڵاودەکەینەوە و هیوادارین بتوانین دواجار سەرجەمی بەڵگەنامە و دەستاویژەکانی تایبەت بەم کۆمەڵەیە بدۆزینەوە.

**بەڵگەنامەی ژمارە:١**

**هەیئەتی گشتی**

**فەرەنسە لە ڕۆژهەڵات**

**دەفتەری سیاسی**

**بەیرووت، ٢١ ی ئایاری ١٩٤٥**

لە جەنەڕالی سوپا، پۆل بێنێ، گەورەئەفسەری لیژیۆنی شانازی، وەفدی گشتی و دانوستان (موفاوەزات)کەری فەرەنسەوە لە ڕۆژهەڵات بۆ جەنابی بەڕێز جۆرج بیدۆ[7]، وەزیری کاروباری هەندەران– پاریس

لەبارەی (کۆمەڵەی کوردی)یەوە

بە گەڕانەوەم بۆ برووسکەنامەی ژمارە ٤٠٠م، ڕۆژی ٦ی نیسانی ١٩٤٥، شەرەفی ئەوەم هەیە هاوپێچ یادداشتنامەیەکی نوێتان، کە لەلایەن کۆمەڵەی کوردی‌یەوە لە بەیرووت ئاڕاستەی سەرۆکی نوێنەرایەتیی فەرەنسەیی لە سانفرانسیسکۆ کراوە، بۆ ڕەوانە بکەم.

بەم بەڵگەنامەیە، کە نوسخەی دیکەی بە هەمان شێوە بۆ هێزە گەورە سەرەکییەکانی سانفرانسیسکۆ نێردراوە، کۆمەڵەی کوردی داوا دەکا بەتایبەت پرسی کورد لە کۆنفرانسی ئاشتی‌دا بخریتە بەر باس.

ئیمزا

***

**بەیرووت، ٣٠ی ئاداری ١٩٤٥**

**بۆ جەنابی بەڕێز سەرۆکی نوێنەرایەتیی فەرەنسەیی لە کۆنفرانسی سانفرانسیسکۆ**

**جەنابی بەڕێز،**

بەبێ پێش داوەریکردن لەو پرسانەی کە لە کۆنفرانسی سانفرانسیسکۆدا[8] لێیان دەکۆڵدرێتەوە، ئێمە وای دادەنێین ئەو کۆبوونەوەیە لەڕووی مێژووییەوە یەکەمی ئەو کۆبوونەوانەیە کە وەك ڕێخۆشکردن بۆ کۆنفرانسی ئاشتی دەبەسترێن.

بە ناوی کۆمەڵەی کوردییەوە، شەرەفی ئەوەمان هەیە هاوپێچ چاوپێداخشانێك بۆ پرسی کورد پێشکەش بکەین. سەقامگیریی ئاشتیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەگەرنا ئاشتیی جیهان، دابینکراو نابێ بەبێ ئەوەی چارەسەرێك بدۆزرێتەوە بۆ ئەو پرسەی کە نۆ (٩) ملیۆن کەس دەگرێتەوە و لەسەر خاکێکی ٥٠٠٠٠٠ پێنجسەد هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشە دەژین، کە لە زەریای ڕەشەوە تا کەنداوی فارسی درێژدەبێتەوە، پەیماننامەی سێڤەریش پێشتر دانی بە سەربەخۆییەکەیدا نابوو.

لەبەر ئەوەی تەواوی خاکی کوردان لەژێر چنگی دەوڵەتانی بێگانەدایە، لەمڕووەوە ناتوانن نوێنەرایەتی لەم کۆنفرانسەدا بکەن. من تکا لە بەڕێزتان دەکەم هەژموونی نوێنەرایەتیی خۆتان و حکوومەتی خۆتان بۆ ئەم ئامانجانەی خوارەوە بەکاربهێنن:

یەکەم: لە کۆنفراسدا بنەمای ددانپێدانانی مافی ئەو گەلانە کە هێشتا سەربەخۆییی خۆیان وەدەستنەهێناوە، قەبووڵ بکرێ، بەوەی وا داخوزازینامەکانی خۆیان بگەیێننە ئەنجومەنی

---

[7] جۆرج ئۆگستان بیدۆ (٥ی ئۆکتۆبەری ١٨٩٩–٢٦ی ژانڤیەی ١٩٨٣). پیاوی سیاسەت و دەوڵەتی فەرەنسە. سەرۆکی حکوومەتی کۆماری کاتیی فەەنسە و وەزیری دەرەوەی فەرەنسە بوو لە ٢٤ی حوزەیرانی ١٩٤٦ بۆ ١٦ی دیسامبەری ١٩٤٦. (وەرگێڕ)

[8] کۆنفرانسی سانفرانسیسکۆ (٢٥ی نیسان–٢٦ی حوزەیرانی ١٩٤٦). بە بەشداریی ٥١ وڵات (٤٨ وڵات و ٣ کورسی بۆ شوورەوی: ئۆکرانیا، بیلیروسیا و شوورەی خۆی) بەرێوە چوو و پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان کە پێشتر ئامادە کرابوو، دەنگی بۆ درا و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە ڕەسمی لەدایك بوو. (وەرگێڕ)

نێودەوڵەتی. شتێکی بەڵگەنەویستە کە قەبووڵکردنی ئەم بنەمایە، دەبێ ئەنجامێکی سروشتیی گەرەنتییێك بێ بۆ ئەو تۆڵانەی کە دەشێ حکوومەتەکان لە ڕەعیەتانەی وا دەتوانن سوود لەم مافە وەربگرن، بستێننەوە.

دووەم: گفتوگۆی پرسی کورد لە خشتەی ڕۆژدا بخرێتە ناو دانیشتنێکی گشتیی کۆنفرانس.

سێیەم: پێشکەشکردن یا پشتگیریکردنی پرۆژەی کۆمسیۆنێکی نێودەوڵەتی کە ئەرکی ئەوەی پێ بسپێردرێ لێکۆڵینەوە لە دەرهاوێشتەکانی کێشەی کورد بکا و چارەسەری لێوە بە ئەنجام بهێنێ. دەکرێ ڕاپۆرتی ئەم کۆمسیۆنە ببێتە بنچینەیەك بۆ ئەو چارەسەرییەی کە کۆنفرانسی ئاشتی بەرامبەر بە پرسی کورد دەیخاتەڕوو.

تکاکارم جەنابی سەرۆك، ڕێزلێنانی بەرزمان قەبووڵ بفەرموون.

(مۆر)

کۆمەڵەی کوردی

***

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٢**

**دەستەی گشتیی فەرەنسە لە ڕۆژهەڵات**

**دەفتەری سیاسی**

بەیرووت، ٢١ ی ژانویەی ١٩٤٦

لە جەنەڕاڵی سوپا، پۆل بێنێ[9]، گەورەئەفسەری لیژیۆنی شانازی، وەفدی گشتی و دانوستان (مفاوەزات)کەری فەرەنسەوە لە ڕۆژهەڵات بۆ جەنابی بەڕێز جۆرج بیدۆ، وەزیری کاروباری هەندەران– پاریس

لەبارەی (کۆمەڵەی کوردی)یەوە

نوێنەری کۆمەڵەی کوردی لە بەیرووت دکتۆر نافیز[10]، یادداشتنامەیەکی پێشکەش کردووم، ئاڕاستەی سەرۆکی نوێنەرایەتیی فەرەنسە لە ئەنجومەنی نەتەوە یەکگرتووەکان کراوە لە لەندەن و تکای لێ کردم یادداشتنامەکە بگەیێنم.

دەفتەری سیاسی، هاوپێچ لەگەڵ ئەم نامەیەدا، یادداشتنامەکە کە تاقە نوسخەیە هەمە و هاوپێچ کراوە، دەبینێ، بۆ ئاگاداریتان بەڵگەنامەیەکی هاوشێوە دراوە بە نوێنەرەکانی بریتانیا، ڕووسیا و ئەمریکا لە بەیرووت.

ئیمزا

***

بۆ بەڕێز سەرۆکی نوێنەری کۆماری فەرەنسە لە ئەنجومەنی نەتەوە یەکگرتووەکان لە لەندەن

بەڕێز سەرۆك،

ڕێکخراوی ئێستای نەتەوە یەکگرتووەکان زەمینەی ئەوە خۆش ناکا ڕێ بەو نەتەوانە بدا کە بە تەواوەتی لەژێر ڕکێفی بێگانەدان، پرسی خۆیان بخەنە ڕوو بۆ ئەوانە کە ئەرکی ڕاپەراندنی پلانەکانیان پێ سپێردراوە، بۆ ڕاییکردنی ئەو پرنسیپە ئاڕاستەکراوانەی کە لەلایەن ئەم ئەنجومەنەوە ڕەچاوکراون.

ئەو گەلانەی کە نوێنەرایەتییان لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا نییە، گەرەنتیی ئەوەیان پێ نەدراوە داخوازینامەکانیان بخرێنە ناو کارنامەی ئەنجومەن. ئەم ڕەوشە بە توندی گەلی کورد نیگەران دەکا، چونکە وا بەدیاردەکەوێ، ددان بە سەرەوەریی تەواوی ئەو وڵاتانەدا دەنێ کە ئەندامن و ئەمە تەواو ناکۆکە لەگەڵ ئەو بنەمایانەدا کە مافە بنچینەییەکانی گەلان و تاکەکان دیاری دەکەن. لە پراکتیکدا، هەموو ئەوانەی کە خراونەتە

[9] جەنەڕاڵ ئێتیان پۆل ئێمیلی ماری بێنێ ( ٢٩ی ئۆکتۆبەری ١٨٨٣–٩ی نیسانی ١٩٦٩). جەنەڕاڵی سوپای فەرەنسەیی و لە ١٩٤٤/١/٢٣ تا ١٩٤٦/٢/١ کۆمیسێری بەرزی کۆماری فەرەنسە بووە لە ڕۆژهەڵات. (وەرگێڕ)

[10] د. ئەحمەد نافیز زازا (١٨٩٩–١٩٦٩) پزیشك و پیاوی سیاسیی بزووتنەوەی کوردایەتی، یەکێك لە دامەزرێنەکانی کۆمەڵەی خۆیبوون و کۆمەڵەی یەکبوون و ئازادی (کۆمەڵەی کوردی) بوو. (وەرگێڕ)

بنکەی ژین www.zheen.org

ژێر نیری حکوومەتەکان و هەلومەرجەکان کارێکیان نەکرد بتوانن چەك لەپاڵ هێزەکانی تەوەردا هەڵگرن، دووری خستنەوە لەوەی کە سوود لە جێبەجێکردنی بنەماکان وەربگرن. ئەوەی گەلانی چەوساوە دەخاتە ناو ئەو بازنەیە، پابەندبوونێکی جێی داخە کە پەنا بۆ زەبروزەنگ ببەن، لە ترسی ئەوەی نەبادا ڕەخنەی ئەوەیان لی بگیرێ چەند ئامراز و ڕێیەك بەکاربهێنن کە خواستی ئاشتیی هەموو گەلان وایان لێ بکا خۆیان لە بەگەلبوون دابماڵن.

دوای یەکەم جەنگی جیهانی، گەلی کورد کە نەتەوەیەکی نۆ ملیۆن کەسی لە ناوجەرگەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا پێکدەهێنێ، لەسەر خاکێکی پێنجسەد هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشە ژیاوە، گوێی لێ گیراوە. گەلی کورد لە پەیماننامەی سێڤەردا ددان بە ماف خۆبەڕێوەبردن و سەربەخۆیی نەتەوەییدا نرا. ئەو ئیمزایانەی کە بەسەر ئەم بەڵگەنامەیەوەن، مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لەلایەن ئەو دەوڵەتانەوە کە نوێنەری بوون، وەك بەڵگەی ڕەسمیبوونی پەیماننامەکە دەسەلمێنین.

یەکەم دەورانی دیکتاتۆرەکان، پێشقەرەوڵی ڕژێمە فاشیست و نازیستەکان، برگەکانی ئەم پەیماننامەیان هەڵوەشاندەوە. لەوساتەوە، دانیشتووانە کوردەکان قوربانیی میتۆدی حکوومەتێکن کە ئەم ڕژێمانە وای لێ کردوون ناو و ناوبانگی زڕاندوون. بەرەنگارییەکان بە شێوەیەکی دڕندانە، بە بۆمبابارانکردنی ئاواییەکان و قەتڵوعام و ڕاگویزان، سەرکوت کران. ئەو وڵاتانەی کە بەشی زۆری گەلی کوردیان بەخۆوە گرتووە، تا لەو شوێنانەش کە ماف سەربەخۆیی لەلایەن کۆمەڵەی گەلانەوە هێنرایە خوارەوە بۆ ددانپێدانانی مافە نەتەوەییە بنچینەییەکانی دانیشتووانی کورد، سیاسەتی حکوومەتەکان تا ساتەوەختی ئێستاش بەردەوامە لە ڕەعیەتگەلی کورد کردنە ئامانجی تواندنەوەی زۆرەملێ.

گەلی کورد ئەوەی بە جیهان ڕاگەیاندووە کە ڕازی نابێ پرسەکەی لەناو تاریکاییدا فەرامۆش بکرێ و بەهۆی بڕیاری سیاسیی دەوڵەتانەوە داخوازینامەکانی کوردان لەبەرچاو نەگرن. کورد داوا لەوانە دەکا کە بەرپرسیی ڕاگرتنی هاوسەنگی و ئاشتییان لەناو گەلاندا بەئەستۆ گرتووە، دەرفەتی پێ بدەن پرسی خۆی بگەیێنێتە ڕێکخراوێکی بێلایەن، کە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ئەرکی دۆزینەوەی چارەسەرێکی عادیلانەی تەواوی کێشەکانی ڕووبەڕووی کۆیلایەتیی ئێستای گەلی کوردی پێ سپێردرابێ لەو چەند دەوڵەتەدا کە شایستە نین ئەم مافی سەرۆکاری (سەرهەڵوێستی– وصایة))یەی تێدا پێڕەو بکەن.

کۆمەڵەی کوردی پێشتر، لە کۆتاییی جەنگەوە، چەندین بانگەوازی بۆ جیهان ناردووە. کۆمەڵەی کوردی قەناعەتی وایە ئەم ڕەوشە ئاڵۆزکاوەی کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێویستی بە گفتوگۆیەکی پرسی کورد هەیە لەلایەن ئەنجومەنی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە. بەڕێز جەنابی سەرۆك، کۆمەڵەی کوردی تکاتان لێ دەکا، هەروەها تکا لە ئەندامانی نوێنەرایەتیشتان دەکا بەشدارییەکی تەواو لە ڕووناکی خستنە سەر ڕەوشێکی سەرنجڕاکێشی هاوسەنگی و ئاشتیی هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بکەن. کۆمەڵە بڕوای وایە هەر نوێنەرایەتییەك ڕەتی بکاتەوە ئەم بانگەوازە لەبەرچاو بگرێ و چاودێریی لێکۆڵینەوە، گفتوگۆ و چارەسەری پرسی کورد خستنە ناو کارنامەی ئەنجومەنی نەتەوە یەکگرتووەکان بکا، نیگەرانە بتوانێ جیهانی سبەینێ ببینێ لەسەر چەند بنەمایەکی هاوسەنگی وەستابێ و بە تەنیا چارەسەری دادپەروەرانەی هەموو کێشە نەتەوایەتییەکانی پێ بێ.

جەنابی سەرۆك، لەگەڵ سوپاسگوزاریی پێشدەستیانەی ئێمەدا، تکایە ڕێزلێنانی لە هەمووان شایانتری ئێمە قەبووڵ بفەرموون.

د. ئە. نافیز

نیکەی ژین www.zheen.org

(ئیمزا)

پاشکۆ: یادداشتنامەیەك کە چاوپێداخشانێکی گشتیی پرسی کورد دەخاتە پێش چاو.

***

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٣**

**هەیئەتی گشتیی فەرەنسە لە لوبنان**

391 AL

**بەیرووت، ١ی نیسانی ١٩٤٧**

بەڕێز ئارماند چایلا، وەزیری فەرەنسە لە لوبنان، بۆ جەنابی بەڕێز جۆرج بیدۆ، وەزیری کاروباری هەندەران- ئەفریقا- ڕۆژهەڵات

پاریس

لەبارەی ڕەوشی کوردەکانەوە

سەرۆکی کۆمەڵەی کوردی یادداشتنامەیەکی تایبەت بە ڕەوشی ئێستای گەلی کوردی بۆ ناردووم و داوای لێ کردووم بیگەیێنمە دەست جەنابی بەڕێزتان.

شەرەفی ئەوەم هەیە هاوپێچ بەڵگەنامەکە بۆ وەزارەت ڕەوانە بکەم.

ئیمزا

ڕاوێژکاری باڵیۆزخانە

***

بەیرووت، ٢ی ئاداری ١٩٤٧

بۆ جەنابی بەڕێز جۆرج بیدۆ، وەزیری کاروباری هەندەرانی کۆماری فەرەنسە

<u>مۆسکۆ</u>

جەنابی بەڕێز،

گەلی کورد لەکاتی تەنگانەی خۆیدا، لە کۆتاییی جەنگەوە، چ لە ڕێی کەناڵی کۆمەڵەی کورد و چ لە ڕێی چەندین ڕێکخراوی هەمەچەشنەوە، لە زۆر بۆنەدا ڕووی لە زلهێزەکان ناوە و داوای دەستتێوەردانیان لێ دەکا، بۆ ئەوەی کۆتایی بەو ڕەوشە بهێنێ کە هەڕەشە لە بوونی جەستەییی گەلی کورد دەکا، وەکی دیکە ڕەوشی ئاشتیی جیهان دەخاتە مەترسییەوە، بە دڵنیاییشەوە ئاشتی و ئارامیی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نزیکیش دەخاتە بەر مەترسی.

گەلی کورد ژمارەی دانیشتووانی نۆ ملیۆن (٩٠٠٠٠٠٠) کەسە و خاوەنی خاك و زەویی خۆیەتی و کەمینە نەتەوەیەك نییە لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتانەدا کە کوردستانیان دابەش کردووە، بەڵکوو کورد گەلێکە هەموو تایبەتمەندێتییەکی پێویستی هەیە بۆ ئەوەی نیشتمانی خۆی، سنوورەکانی خۆی و سەربەخۆییی خۆی هەبێ.

ئەو بنەمایانەی کە لەوەتی کۆتایی یەکەم جەنگی جیهانییەوە جاڕدراون، هەقی ئەوە بە کورد دەدەن داوای گەڕاندنەوەی مافی خۆی بکا. بەتایبەت جێی ئاماژەپێکردنە کە سێ دەوڵەتە سەرەکییەکەی کوردستانیان دابەش کردووە، واتە تورکیا، ئێران و عیراق، دەوڵەتی خاوەنڕابوردوویێکی خوێناوین. بۆ ئەوەی نەچینە ناو وردەکارییەکان، ئەوەندە بەسە وەبیری بهێنینەوە چۆن تورکەکان لە دەورانی جەنگی گەورەدا ئەرمەنییەکان و لە ماوەی ئەم چارەکە سەدەیەی دواییشدا کوردەکانیان قەتڵوعام کردووە و چۆن ئێران وەك سەدەکانی ناوەڕاست مامەڵەی کردووە و چۆن لە عیراقیشدا ئاسووری- کلدانی و کوردەکان قەتڵوعام کراون.

گومانی تێدا نییە کە کورد لە ماوەی ئەم جەنگەدا بەوەفا لەگەڵ هاوپەیمانەکاندا مایەوە، وەك ئەوەی ساڵی ١٩١٨ هەموو متمانە و هیوایەکی خۆی خستبووە سەر بیرۆکەی دیموکراتی و ئازادیی هاوپەیمانەکان. بە هەڵگیرسانی شۆڕشی جەنەڕاڵ مستەفا بارزانی لە عیراق و دامەزراندنی کۆماری کوردیی مەهاباد لە ئێران بە سەرکردایەتیی سەرۆکی گەورەیان قازی محەمەد، بێ ئەوەی باسی شۆڕشەکانی ساڵانی ١٩٢٥-١٩٢٦، ١٩٣٠ و ١٩٣٨ بکەین لە تورکیا، کوردان لە هەموو لایەکەوە نیشانیان دا بە ئاشکرا دەیانەوێ بە ئازادی لە وڵاتی خۆیاندا بژین: ئەوەیان هەقێکی سروشتییە، هەقێکە لە هەموو جاڕنامە یەك لەدوای یەکەکان، کەسییەکان یا ڕاسپاردەی هاوپەیمانەکانداددانی پێدا نراوە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

بەڵام ئەم هەموو پرس و ئەم هەموو خوێنڕشتنە بە کوێ گەیشتن؟ لەکاتێکدا تاوانکارانی دژی مرۆڤایەتی لە لایەك لە نۆرنبێرگ و چەند شوێنی دیکە، یا سزا دراون یان خەریکە سزایان دەدەن، کەچی دەبینین حکوومەتی ئێران هێزەکانی خۆی ناردووەتە سەر کۆماری مەهاباد، ئاواییە کوردییەکان بۆمباباران دەکا، خەڵکانی بێوەیی چەندین شاری جیاجیا، بە مەهابادیشەوە، دەکوژێ. لە عیراق، عیراقییەکان شانازی بەوەوە دەکەن کە ئاواییە کوردییەکان هەتا مریشکی زیندووشیان تێدا نەماوە. ئێمە بە نیگەرانییەوە گەواهیی ئەوە دەدەین کە زلهێزەکان، ئەوانەی وا بەرپرسیی ئاشتیی جیهان، دادپەروەری و ئازادییان لە ئەستۆدایە، بێخەم لێی دانیشتوون. لە تورکیا ڕەوشەکە بە هەمان شێوەیە، وێڕای ئەوەی کە ئامارە ڕەسمییە تورکییەکان ئەوە بەدیار دەخەن کە ٤٠٠٠٠٠٠ چوار ملیۆن دانیشتووی ئەو ناوچانەی وەك کوردستان ناسراون (بڕوانە نەخشەکەی تی. م. تورك کە لە ماوەی یەکەم شەڕی جیهاندا بڵاوکراوەتەوە)، [لە تورکیا وەرگێڕ] کوردەکان لەوێ ناتوانن تەنانەت بڵێن کوردیشن، لەسەر بچووکترین بیانوو دەگیرێن، زیندانی دەکرێن، فەلاقە دەکرێن، دەکوژرێن و لە ڕووی ئابووریشەوە ناوچەکە هەر وێرانەیەکە بۆ خۆی.

ئەگەر چەند خاڵێکی لەبەرچاوگیراوی نێودەوڵەتی ڕێگر بن لەوەی هەر دەمودەست بیر لەوە بکرێتەوە کوردستانێکی یەکگرتوو و سەربەخۆ دروست ببێ، ئەوەی دەشێ و دەبێ دەمودەست بەجێ بگەیێنرێ، ئەوەیە کە هێزە گەورەکان دەست تێوەربدەن بۆ ئەوەی ڕەوشێکی بەرگەبۆگیراو و مرۆییانە بۆ کوردان دروست ببێ و ددان بنرێ بە ئۆتۆنۆمییەکاندا لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتانەدا کە تێیاندان. ئێمە ڕێ بە خۆمان دەدەین سەرنجی جەنابی بەڕێزتان بۆ ئەوە ڕابکێشین کە ئەم هەڵوێستەی دەوڵەتانی خاوەنمەسەلەکە کە بەربەرەکانیی هەموو بیرۆکەیەکی دادپەروەری و ماف دەکەن و هەڵوێستی خەمساردیی گەورەهێزەکانیش بەوە کۆتاییان دێ کە گەنجانی پەرۆشی کورد بێزار بن و هانیان دەدا هەموو باوەڕ و گشت متمانەیەکیان بە ماف و دادپەروەری لەدەست بدەن.

ئێمە پێمان وایە ئەرکی ئێمەیە پێ لەسەر ئەو خاڵە دابگرین و بە ڕاشکاوی بڵێین: ئەگەر سبەینێ گەنجانی ئاوەها لەناو ژانوژووردا لەدایك بوون و دژی ئەم بێدادییە ڕابوون و چەند چەمکێکی پووچخوازی و بێهواییان کردە هیی خۆیان و ئەمانەیان بە کردەوە نواند، چۆن دەکرێ ئەوانە سزا بدرێن؟ ئەم گەنجانە لە کاتی ئێستادا کە ئێمە ئەم تێبینییەتان بۆ دەنووسین، داخۆ چی بە چاوی خۆیان دەبینن؟ نیشتمانپەروەرانی کورد: ئەفسەر، ئەندازیار، نووسەر، مامۆستا، لەگەڵ نیشتمانپەروەرانی جووتیار و چیانشینە چاکەکاندا یەکیانگرتووە و بە یەك دەنگ بۆ سەربەخۆییی خۆیان خەبات دەکەن، زۆر دڵڕەقانە بەر ڕەشاش دەدرێن و لە بەرامبەردا و لە دیوەکەی دیکەدا هاوکات لە لایەن هەم ئێران و هەم عیراقەوە بۆمباباران دەکرێن.

جەنابی بەڕێز، لەگەڵ سوپاسگوزاریی پێشدەستییانەماندا، تکایە ڕێزلێنانی لە هەمووان شایانتری ئێمە قەبووڵ بفەرموون.

ئیمزا

(نەناسراوە)

***

**بەڵگەنامەی ژمارە: ٤**

دەستەی گشتیی فەرەنسە لە لوبنان

بەیرووت، ١٦ی نیسانی ١٩٤٧

بەڕێز ئارماند چایلا، وەزیری فەرەنسە لە لوبنان، بۆ جەنابی بەڕێز جۆرج بیدۆ، وەزیری کاروباری هەندەران– ئەفریقا–ڕۆژهەڵات

پاریس

لەبارەی (کۆمەڵەی کوردی)یەوە

شەرەفی ئەوەم هەیە هاوپێچ نامەیەکتان کە لەلایەن سەرۆکی کۆمەڵەی کوردییەوە لە بەیرووت ئاڕاستەی جەنابی بەڕێزتان کراوە، بۆ ڕەوانە بکەم.

www.zheen.org

ئیمزا

ئارماند چایلا

***

بەیرووت، ١٢ ی نیسانی ١٩٤٧

بۆ جەنابی بەڕێز بیدۆ، وەزیری کاروباری هەندەرانی فەرەنسە

مۆسکۆ

جەنابی بەڕێز،

ڕێ بە خۆمان دەدەین سەرنجی بەڕێزتان بۆ ئەمەی خوارەوە ڕابکێشین:

لەسێدارەدانی قازی موحەمەد- سەرکۆماری کورد لە ئێران، لەگەڵ وەزیرەکانیدا، چەوساندنەوە و ئاژاوەگێڕییە بەرانبەر بە گەلێك کە داوای مافە سروشتییەکانی خۆی دەکا بۆ سەربەخۆیی.

چوونە ناوەوەی لەشکری تورکی و ئێرانی و هاریکاریکردنیان لەگەل سوپای ئێرانیدا بۆ گەمارۆدان و جەنگی هێزە دیموکراتەکانی کورد بە سەرۆکایەتیی جەنەڕاڵ بارزانی، ئەوانە کردەوەگەلێکن پێچەوانەی ئەو بنەما دیموکراتیانەن کە لەو سۆنگەیەوە ئێوە ئێستا لە مۆسکۆ کۆبوونەتەوە.

بە ناوی ئەم بنەمایانە و بۆ پاراستنی ئاشتی، داوا دەکەین بە جیددی هێزە گەورەکان دەست تێوەربدەن بۆ کۆتاییهاتنی قەتڵوعامەکان و گێڕانەوەی دادپەروەری بۆ گەلی کورد.

جەناب، لەگەڵ سوپاسگوزاریی پێشدەستییانەی ئێمەدا، تکایە ڕێزلێنانی لە هەمووان شایانتری ئێمە قەبووڵ بفەرموون.

(مۆر)

کۆمەڵەی کوردی

بنکەی ژین
www.zheen.org

26 JAN 1945

DELEGATION GENERALE
DE FRANCE
AU LEVANT

[illegible]

403

Beyrouth, le 21 JAN 1946

29 [illegible] 1946

[illegible]

A Son Excellence Monsieur Georges Bidault,
Ministre des Affaires Étrangères

[illegible]

A/s de la Ligue Kurde

-:-

Le Représentant à Beyrouth de la Ligue kurde, Dr. Hafiz, m'adresse une note destinée au président de la délégation française à l'Assemblée des Nations Unies à Londres, en me priant de bien vouloir la lui transmettre.

Le Département voudra bien trouver, ci-joint, la note et [illegible] l'exemplaire unique que je possède du Mémorandum annexé .. Un document analogue a été remis aux Représentants britannique, russe et américain à Beyrouth./.

A Monsieur le Président de la
Délégation de la République
Française à l'Assemblée des
Nations Unies, Londres.

Monsieur le Président,

L'organisation actuelle des Nations Unies ne prévoit pas de procédure permettant aux nations se trouvant, dans leur totalité, sous une domination étrangère, d'exposer leur cause à ceux qui sont chargés d'élaborer les plans pour l'application des principes directeurs adoptés par cette Assemblée.

Les peuples qui ne sont pas représentés à l'Assemblée des Nations-Unies n'ont pas reçu l'assurance que leurs revendications seraient admises aux délibérations de l'Assemblée. Cet état de choses inquiète vivement le peuple kurde, car il semble reconnaître aux États constitués une plénitude de souveraineté qui est en contradiction flagrante avec les principes déterminant les droits élémentaires des peuples et des individus. En pratique, il exclut, du bénéfice de l'application de ces principes, tous ceux qui sont dominés par des gouvernements que les circonstances n'ont pas amené à prendre les armes aux côtés des puissances de l'axe. Il place les peuples opprimés dans la fâcheuse obligation d'avoir recours à la violence, au risque d'être critiqués pour l'emploi de méthodes que le désir de paix de tous les peuples rendent justement impopulaires.

Après la première guerre mondiale, le peuple kurde qui constitue, au coeur du Moyen-Orient, une nation de neuf millions d'âmes habitant un territoire d'un demi-million de kilomètres carrés, a été dépecé. Son droit à l'autonomie ou à l'indépendance nationale a été reconnu par le Traité de Sèvres; les signatures que porte ce document impliquent la reconnaissance des droits nationaux du peuple kurde par les États qu'elles représentent.

La première en date des dictatures, précédant les régimes fascistes et nazis, a rendu inopérantes les stipulations de ce traité. Depuis lors, les populations kurdes ont été les victimes de méthodes de gouvernement que ces régimes ont rendues tristement célèbres. Leur résistance a été réprimée avec sauvagerie, par le bombardement de leurs villages, le massacre et les déportations. Dans les États qui se partagent la majorité du peuple kurde, et même là où l'octroi de l'indépendance avait été subordonné, par la Société des Nations, à la reconnaissance des droits nationaux élémentaires de la population kurde, la politique des gouvernements n'a pas cessé, jusqu'à l'heure présente, d'avoir pour objet l'assimilation forcée de leurs ressortissants kurdes.

Le peuple kurde fait savoir au monde qu'il ne tolérera pas que d'injustes arrangements laissent aujourd'hui sa cause dans l'obscurité. Il demande à ceux qui assument la responsabilité d'assurer l'équilibre et la paix parmi toutes les nations, que l'occasion lui soit fournie de présenter sa cause à un organisme impartial, chargé de recommander aux Nations Unies la solution équitable de la totalité des problèmes que soulève l'asservissement actuel du peuple kurde à plusieurs États que rien ne qualifie pour l'exercice de cette tutelle.

La Ligue Kurde a déjà lancé, depuis la fin de la guerre, plusieurs appels au monde. Elle est persuadée que l'actualité brûlante des problèmes du Moyen-Orient exige la discussion de la cause kurde par l'Assemblée des Nations Unies. La Ligue Kurde vous prie, Monsieur le Président, ainsi que les membres de votre Délégation, de vouloir bien contribuer à mettre

.../...

en [illegible] une situation [illegible] l'équilibre et la paix de tout le Moyen-Orient. Elle croit qu'aucune Délégation, soucieuse de voir le monde de demain [illegible] sur des bases stables [illegible] seule peut fournir la solution équitable de tous les problèmes nationaux, ne refusera de répondre au présent appel et de [illegible] ce que [illegible], la discussion et la solution de la question kurde soient inscrites au programme des travaux de l'Assemblée des Nations Unies.

Veuillez agréer, Monsieur le Président, avec nos remerciements anticipés, l'assurance de notre plus haute considération.

**ANNEXE:** Un mémorandum donnant un aperçu général du problème kurde.

بنکەی ژین
www.zheen.org

**LÉGATION DE FRANCE**
**AU LIBAN**

Beyrouth, le [illegible]

494 AL

Monsieur le CHAUVEL, Ministre de France au Liban

à

Son Excellence Monsieur Georges BIDAULT, Ministre des Affaires Etrangères

- Afrique Levant -

PARIS

AL

AFFAIRES ETRANGÈRES
10 AVR 1947
SECRÉTARIAT

a/s. Ligue Kurde.

1 p.j.

J'ai l'honneur de vous faire parvenir ci-joint une lettre destinée à Votre Excellence et émanant du Président de la Ligue Kurde de Beyrouth ./.

AFR[illegible]
21 avril 1947

www.zheen.org

Beyrouth le 18 Avril 1947.

A Son Excellence Monsieur Bidault
Ministre des Affaires Étrangères
de France
Moscou

Excellence,

Nous nous permettons d'attirer votre attention sur ce qui suit;

L'exécution de Kadi Mohammed, Président de la République Kurde en Iran, avec ses ministres, est de l'oppression et de la provocation envers un peuple qui aspire à ses droits naturels pour l'indépendance.

La pénétration des troupes turques et irakiennes dans le territoire iranien et leur collaboration avec les armées iraniennes dans l'écrasement et le combat des forces démocratiques kurdes, avec à leur tête le Général Barzani, sont des actes en contradiction avec les principes de démocratie en vertu desquels vous vous réunissez actuellement à Moscou.

Au nom de ces principes et pour la sauvegarde de la paix, nous demandons avec instance l'intervention immédiate des Grandes Puissances pour mettre fin à ces massacres et rendre justice au peuple kurde.

Veuillez agréer, Excellence, nos remerciements anticipés et l'assurance de notre plus haute considération.

LIGUE

بنكەی ژین
www.zheen.org

LEGATION DE FRANCE

AU LIBAN

301.AL

AFFAIRES ETRANGÈRES

5 AVR 1941

SECRÉTARIAT

AL

M. Armand du CHAYLA, Ministre de France

au Liban

à

Son Excellence Monsieur Georges BIDAULT,
Ministre des Affaires Etrangères

( AFRIQUE-LEVANT )

PARIS.

a/s.: situation des Kurdes.-

Le président de la Ligue Kurde m'a adressé une note relative à la situation actuelle du peuple kurde, en me demandant de la transmettre à Votre Excellence.

P.J. I.-

J'ai l'honneur de communiquer, ci-joint, au Département le document en question ./.

Le Conseiller d'Ambassade

www.zheen.org

Beyrouth, le 11 mars 194[illegible]

A Son Excellence Monsieur BIDAULT
Ministre des Affaires Etrangères
de la République Française,

PARIS.

Excellence,

Le peuple kurde dans sa détresse, soit par le canal de la Ligue Kurde, soit par des différentes organisations, s'est adressé depuis la fin de la guerre, à plusieurs reprises, aux Grandes Puissances, pour leur demander d'intervenir pour mettre fin à une situation qui menace l'existence physique du peuple kurde et met ainsi en danger sinon la paix du monde, à coup sûr la paix et la tranquillité des pays proche-orient.

Le peuple kurde qui compte 9.000.000 d'âmes et possède son propre territoire n'est pas une minorité dans le cadre des Etats qui ont partagé le Kurdistan; mais c'est un peuple jouissant des qualités requises pour avoir son foyer, ses frontières et son indépendance.

Les principes mis en avant depuis la fin de la première guerre mondiale donnent droit aux Kurdes de demander que la justice leur soit rendue. Surtout il est à souligner que les trois principaux Etats qui ont partagé le Kurdistan, à savoir la Turquie, l'Iran et l'Irak ne sont que des Etats au passé sanglant. Sans entrer dans les détails, qu'il nous suffise de rappeler comment les Turcs ont massacré pendant la grande guerre les Arméniens, et les Kurdes durant ce dernier quart de siècle; le traitement moyenâgeux de l'Iran et en Irak les massacres des assyro-chaldéens et des Kurdes.

Il est hors de doute que les Kurdes, restés fidèles aux alliés pendant cette guerre, comme en 1914, avaient mis toute leur confiance et leur espoir dans les idées démocratiques et libératrices des alliés. Par la révolte, en Irak, du Général Moustapha Barzani et la création en Iran de la République Kurde de Moustapha Barzani et la création en Iran de la République Kurde de Mahabad sous la présidence de leur grand leader, Kadi Mohamed, pour ne pas parler des révoltes en Turquie de 1925-1926, de 1930 et de 1936, les Kurdes ont démontré partout, avec évidence, leur volonté de vivre librement dans leur pays, ce qui est leur droit naturel, droit reconnu d'ailleurs par les déclaration successives, individuelles ou conjointes, des alliés.

Mais à quoi ont abouti toutes ces affaires et tout ce sang? Tandis que d'une part, à Nuremberg et ailleurs, on a châtié ou on est en train de châtier les criminels contre l'Humanité, nous voyons le Gouvernement iranien envoyer des troupes contre la République de Mahabad, bombarder les villages kurdes, assassiner les habitants paisibles des différentes villes, y compris Mahabad, et, en Irak, les Irakiens déclarer, en s'en vantant, que dans les villages kurdes il ne reste même plus de poules vivantes et, avec angoisse, nous constatons que les Grandes Puissances qui ont assumé la responsabilité

.../...

d'assurer au monde la Paix, la Justice et la Liberté demeurent inaccessibles. En Turquie, la situation est la même. Bien que les statistiques officielles turques déclarent qu'il y a 4.000.000 d'habitants dans les régions connues sous le nom Kurdistan (voir la carte d'Etat turc publiée durant la première guerre mondiale), là, les Kurdes ne peuvent même pas dire qu'ils sont Kurdes. Pour le moindre prétexte, ils sont arrêtés, emprisonnés, battus, assassinés et en conséquence ruinés.

Si certaines considérations [illegible] empêchent d'envisager IMMEDIATEMENT la réalisation d'un Kurdistan uni et indépendant, ce qui peut et doit être IMMEDIATEMENT accompli, c'est que les Grandes Puissances interviennent pour qu'une situation supportable et humaine soit créée pour les Kurdes et leur reconnaissent des autonomies dans le cadre des Etats où ils se trouvent.

Nous nous permettons d'attirer l'attention de Votre Excellence sur ce fait que cette attitude des Etats intéressés qui défient toute idée de Justice et de droit et cette attitude d'indifférence des Grandes Puissances ne finissent par exaspérer l'ardente jeunesse Kurde et ne la poussent à perdre toute foi et toute confiance au Droit et à la Justice.

Il nous paraît de notre devoir d'insister sur ce point et de dire ouvertement que si demain une jeunesse pareille, née dans la souffrance et aigrie par ces injustices, faisait siennes une certaine notion de nihilisme et de désespoir et la traduisait dans ses actes, en ce cas serait-il possible de la condamner ? Et cette jeunesse, à l'heure même où nous vous envoyons cette note que voit-elle sous ses yeux ? Les patriotes Kurdes, officiers, ingénieurs, écrivains, professeurs, unis à leurs frères combattants (paysans et montagnards), luttent courageusement pour leur indépendance tandis qu'ils sont impitoyablement mitraillés et bombardés, de face et à revers, à la fois par les Iraniens et les Irakiens.

Veuillez agréer, Excellence, avec nos remerciements anticipés, l'assurance de notre plus haute considération ./.

S/ Kliteble

پوختە:

ساڵی ١٩٤٥ وەچەی گۆڕەپانی سیاسیی ڕۆژاوای کوردستان کۆمەڵەیەکی نوێی بە ناوی کۆمەڵەی کورد (یەکبوون و ئازادی)یەوە دامەزراند. ئەم کۆمەڵەیە زیاتر باڵی بنەماڵەی ئەکرەم پاشا و دکتۆر ئەحمەد نافیز و مەمدووح سەلیم و بە جۆرێکی دیکە بەرنامەکەی زۆر نزیکی بەرنامە و میتۆدی خۆیبوون بوو و بڕێك لە سەرکردە کۆنەکانی خۆیبوون –لەوانە قەدری جەمیل پاشا و ئەکرەم جەمیل پاشا– دواجار چوونە ناو ئەم کۆمەڵەیە نوێیە. هەموو کارێکی ئەم ڕێکخراوە زیاتر پێوەندیگرتن بە هێزە گەورەکان و نووسینی یادداشتنامە بوو بۆ ناساندنی پرسی کورد. ئەم کۆمەڵەیە، بە گوێرەی زانیارییەکان، هێندە نەژیاوە و بە دروستبوونی دونیای دوو جەمسەرە و سەرەتای جەنگی سارد کۆتایی بە ژیانی سیاسیی هاتووە. ئەم بابەتە ناساندنێکی کۆمەڵەکە و چەند بەڵگەنامە و نامەیەکی ڕەسمیی ئەم کۆمەڵەیەی ناو ئەرشیڤی وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسەیە.



الخلاصة:

أسست النخبة السياسية في كردستان الغربية جمعية جديدة باسم الجمعية الكردية (الاتحاد والحرية) عام ١٩٤٥. تشكلت الجمعية من جناح أكرم باشا، الدكتور أحمد نافذ وممدوح سليم وكان برنامجه قريباً من برنامج (حزب خويبون). انحصر جميع أعمال الجمعية في الاتصال بالقوى العظمى وكتابة المذكرات لتعريف القضية الكردية. لم تدم هذه الجمعية –حسب المعلومات المتوفرة– طويلاً وآلت الى الفناء بظهور الحرب الباردة واستقطاب دول العالم في معسكري الشرق والغرب.

هدف هذه المحاولة هو تسليط الضوء على جمعية (الاتحاد والحرية) لأول مرة وإظهار جانب مهم من نشاطاتها.



**Abstract**:

The political elite in Western Kurdistan founded a new association by the name of (Union and Freedom) in 1945. This association included the group of Akram Pasha, Dr. Ahmed Nafiz and Mamdouh Salim and its program was close to that of Khuybon party. All of the association's work was limited in contacting the Great Powers and writing memos to define the Kurdish issue. This association did not last long and faced the emergence of the Cold War and the polarization of the world in the East and West camps.

The goal of this endeavor is to highlight the (Union and Freedom) association for the first time and to show an important aspect of its activities.


بنکەی ژین
www.zheen.org

## کۆمەڵەی (یەکبوون و ئازادی)

## (کۆمەڵەی کورد)

### لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسادا

لە فەڕەنساییەوە وەرگێڕانی:

**د. نەجاتی عەبدوڵڵا**

(بەشی دووەم و کۆتایی)

### پێشەکی

بە دەستپێکردنی جەنگی یەکەمی جیهانی و دروستتر لەگەڵ کۆتاییهاتنی جەنگ، دەستەی یەکەمی پێشەنگی کاروانی "کوردایەتی"، کە زۆربەیان کەم تا زۆر بە بیروباوەڕ و ئایدیای (ڕۆژاواخوازی) پەروەردە کرابوون، خوێندنەوەیەکی وردبینانەیان هەبوو بۆ واقیعی کۆمەڵگەی کوردەواری و ویستوویانە لە ڕێی پێشکەشکردنی داخوازینامە و نامەی ڕەسمییەوە بۆ هێزە گەورەکان، پشتیوانی بۆ گەلی کوردستان بەدەستبهێنن و لەو ڕێیەوە مافەکانی خەڵکی کورد وەدەست بێننەوە. دەشێ قۆناغی یەکەمی داواکاریی داخوازینامە نەتەوەییەکانی کورد بریتی بێ لە ماوەی ١٩١٤-١٩٢٥، قۆناغێك کە دەگونجێ بە قۆناغی قەڵەم و داخوازینامەی نەتەوەیی دابنێین. دواتر بە هەڵگیرسانی ڕاپەڕینی چەکداریی شێخ سەعیدی پیران (١٩٢٥) تا تێکشکانی یەکجارەکیی بزووتنەوەی چەکداریی ئاگری داغ لە (١٩٣١-١٩٣٢)دا و هاوکات تیرۆرکردنی سمکۆی شکاك لە ئێران (تەمووزی ١٩٣٠) و تێشکانی بزووتنەوەکەی شێخ مەحموود (١٩٣١)، ئیدی کوردستان لە قۆناغی تێکشکان و زەبر و ڕاچڵەکینی داپلۆسینی سەربازیدا بووە و دەبینین لەوەبەدوا دەستەی سیاسی و ڕوناکبیریی کورد زیاتر بەرەو بەخۆداچوونەوە و بایەخپێدانی فەرهەنگی و کولتووری ڕۆیشتوون. ئەم قۆناغی تێکشکانی سیاسی و بەخۆداچوونەوەیە تا نیوەی دووەمی ساڵی 1942 درێژدەبێتەوە. لەم مێژووە بەدواوە تا ساڵی ١٩٤٩، دەکرێ بە دووەمین قۆناغی داواکردنی داخوازینامە نەتەوەییەکانی کورد دابنێین. هێشتا جەنگی دووەمی جیهانی بە کۆتایی نەگەیشتبوو، کاتێك دەستەی ڕووناکبیری کورد لە بەیرووت و بەتایبەتیش برایانی بەدرخان لە ٣٠ی ئابی ١٩٤٣دا[1] یەکەمین یادداشتنامەیان لەبارەی داخوازینامە نەتەوەییەکانی کوردەوە بە ناوی (یادداشتنامەیەك لەبارەی پرسی کوردەوە)[2] پێشکەش بە هێزی هاوپەیمانان کرد، کە دواتر ساڵی ١٩٤٩ دەقەکە بە فەرەنسایی و ئینگلیزی دووبارە چاپ کرایەوە.

دووەمین یادداشتنامەی قۆناغی دووەمی داخوازینامە نەتەوەییەکانی کورد، بریتییە لەم یادداشتنامەیەی کە لێرەدا وا بۆ یەکەم جار بە کوردی بڵاودەبێتەوە و ڕۆژی ٣٠ی ئاداری ١٩٤٥ یەکەم جار بە ناوی (کوردستان: پرسی کورد)ەوە[3] بە زمانی فەرەنسایی لە چوار لاپەڕەدا لە بەیرووت (١٩٤٥) بڵاوکراوەتەوە، پاشان چەند گەواهینامەیەکی فەرەنسایی و ئینگلیزیی وەك پاشکۆ بۆ زیادکراوە و دووبارە بە نامیلکەیەك بە ناوی (یادداشتنامە دەربارەی کوردستان و پاشکۆکان)ەوە وەك بڵاوکراوەی یەکەم ژمارەی (کۆمەڵەی کورد) لە (٨) لاپەڕەدا لە پاریس (١٩٤٥) بڵاوکرایەوە. ئەم نامیلکەیە لەگەڵ نامەیەك ڕۆژی ٣٠ی ئاداری ١٩٤٥ بە شێوەیەکی چاپکراو پێشکەش بە نوێنەرانی کۆنفرانسی سانفرانسیسکۆ کراوە. لەگەڵ نامەیەکیش

بنکەی ژین
www.zheen.org

---

[1] گەرچی ئەم یادداشتنامەیە وەك پێیر ڕۆندۆ کوتەنی مێژووی ٣٠ی ئابی ١٩٤٣ی بەسەرەوەیە، بەڵام پێشتر لە سێپتامبەری ١٩٤٢دا هەمان یادداشتنامە پێشکەش بە جەنەڕاڵ دوگۆل، ویلکس و کۆلۆنیل ئیلفنستن کراوە، بڕوانە: Pierre Rondot, « Les Revendications nationales kurdes (1943-1949) », in: *Cahiers de l'Orient Contemporain*, XVIII-XIX, Paris, 1949, p.1

[2] Mémorandum sur la question kurde

[3] Kurdistan. La question kurde

که ٣١ی ئاداری ١٩٤٥ پێشکەش بە زلهێزەکان کراوە و ٢٦ی حوزەیرانی ١٩٤٦ (بەبێ پاشکۆکان) پێشکەش بە وەزیرانی دەرەوەی زلهێزەکان کراوە لە پاریس[4].

**بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی کورد**

**ژمارە ١:**

**یادداشتنامە**

**دەربارەی کوردستان و پاشکۆکان**

**یادداشتنامە دەربارەی کوردستان**

بە ئامادەبوونی وەفدی کوردی، ساڵی ١٩٢٠، پەیماننامەی سێڤەر لە ماددەکانی ٦٢ تا ٦٤، لە بەشی سێیەمدا، پێشبینیی دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ دەکا.

دوای کۆدێتای کەمال ئەتاتورک، بڕگەکانی هەرگیز جێبەجێ نەکران. ساڵی ١٩٢٣، ڕێککەوتننامەی لۆزان ئەو بڕیارنامانەی کە لە سێڤەردا مۆر کرابوون، هەڵوەشاندەوە، تورکیا تەنیا پابەندی ئەوە دەبێ کە بەبێ جیاوازیی لەدایکبوون، نەتەوە، زمان، ڕەگەز و ئایین پارێزگاریی تەواو لە ژیان و ئازادیی تەواوی خەڵکانی ناو وڵاتەکەی بکا.

